هەرێمی کوردستان ـ عێراق | إقليم كوردستان – العراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | رئاسة مجلس الوزراء
سکرتاریەتی ئەنجومەن | سكرتارية المجلس
Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: ١١٦١ No:

ڕێکەوت: ١٥ / ڕەشەمێ / ٢٧١٦ ی کوردی Date: ٢٠١٧/٣/٦


# فەرمان

ئاماژە بە کۆبوونەوەی ژمارە (٢)ی لیژنەی تایبەت بە ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکانی ساڵی ٢٠١٧ لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٣١ بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، و ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (٢٨٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٢/٢٠، و بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی دارایی نێردراوانی بەرنامەی تواناسازی، بڕیاردرا بە:

١. وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕی (٣٠) سی ملیۆن دۆلار تەرخان دەکات بە سێ بەرکەوتی مانگانە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە مەبەستی خەرجکردنی شایستە داراییە خەرجنەکراوەکانی تایبەت بە بەرنامەی تواناسازی. ئەو تەرخانکراوە لە ژمێرەیەکی بانکیی تایبەت بەم خەرجییە دادەنرێت بۆ مەبەستەکانی هاتوو لەم فەرمانە.

٢. پێکهێنانی لیژنەی خەرجکردن لەسەر تەرخانکراوی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان، بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەڕێوەبەری گشتی نێردراوان و بەڕێوەبەری ژمێریاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٣. بڕی پارەی تەرخانکراو بەپێی بڕگەی (١)ی سەرەوە تەنها بۆ مەبەستەکانی هاتوو لەم فەرمانە خەرج دەکرێت و هیچ کەس و لایەنێك ماف خەرجکردنی ئەو پارەیەی نییە بۆ هیچ مەبەستێکی جیاواز لەژێر هیچ پاساوێکدا. و پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە ڕاپۆرتێك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری لە وردەکاریی خەرجییەکان و بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم خەرجییەکانی تەرخانکراوی هاتوو لەم فەرمانەدا ئاگادار بکاتەوە.

٤. پێویستە لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی گشت خەرجییەکانی تایبەت بەم فەرمانە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە داراییە کارپێکراوەکاندا ئەنجام بدات.

٥. پێدانی دەسەڵات بە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە مەبەستی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ئەو زانکۆیانەی کە سوودمەندانی بەرنامەی تواناسازی لێی دەخوێنن بە مەبەستی پاکتاوکردنی شایستە داراییە خەرجنەکراوەکانی ئەو زانکۆیانە بە ڕەچاوکردنی باروودۆخی دارایی لە هەرێمی کوردستان و مسۆگەرکردنی داشکاندنی ڕێژەیەك لەو شایستە داراییانە یان بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی زیادە لە زانکۆکان بەتایبەتیش وەرگرتنی دەرفەتی خوێندن (منحة دراسية - Scholarship) لە بەرامبەر خەرجکردنی شایستە داراییەکانیان. بۆ ئەم مەبەستەش، بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی پێویستی دەبێت بۆ مەبەستەکانی هاتوو لەم بڕگەیە.

هەرێمی کوردستان ـ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەتی ئەنجومەن
Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
سكرتارية المجلس

ژمـــاره : No :

ڕێکەوت : / / ۲۷ ی کوردی Date: / /

٦. پێویستە لەسەر سوودمەندانی بەرنامەی تواناسازی ئەو بڕە پارانە بگەڕێننەوە کە بە زیادە لە شایستەی دارایی خۆیان بۆیان خەرجکراوە، و ئەو بڕە پارەیەش دەخرێتەوە سەر هەمان ژمێرەی بانکی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی ئەم فەرمانە.

٧. ڕاگرتنی گشت تەرخانکراوەکانی تری تایبەت بە بەرنامەی تواناسازی، کە پێشتر خەرج دەکرا، لە دوای جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم فەرمانە.

٨. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کار بەم فەرمانە دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە، و کار بە هیچ بڕیار و فەرمانێکی تر ناکرێت کە دژ بە بڕگەکانی ئەم فەرمانە بێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

**وێنەیەك بۆ:**

- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیر/ بۆ کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی پلاندانان/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیر، لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان/ نووسینگەی تایبەتی بەڕێز وەزیر/ بۆ کاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی، لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕاوێژکاری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەن/ لەگەڵ بەراییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.

Kurdistan Region - Erbil
Phone : +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail:cm@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ — ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+